# به کەسی مونافیق مەڵێن: سەید (گەورە)، ئەگەر ئەوە سەید بێت؛ ئەوا ئێوە پەروەردگارتان تووڕە کرد

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە کەسی مونافیق (دوو ڕووو) مەڵێن: سەید (گەورە)، ئەگەر ئەوە سەید (گەورە) بێت؛ ئەوا ئێوە پەروەردگارتان تووڕە کرد -عز وجل--».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەگەر مونافیق (دوو ڕووو) بێت لە ناو گەل وبنەماڵەکەیدا پێی بووترێت (گەورەم یان سەید)، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خوای گەورە؛ چونکە ئەمە بە مەزندانانی ئەم مونافیقەیە، وئەمیش کەسێکە کە شایەنی ئەوە نییە بە مەزن دابنرێت، وئەگەر گەورە وسەید نەبێت لە ناو گەل وبنەماڵەکەیدا ئەوا ئەمە درۆ ونیفاقە، وبۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا دروست نییە بە مونافیق (دوو ڕووو) بووترێت سەید یان گەورەم، وبەهەمان شێوە بەرامبەر کافر وتاوانکار وفاسق وبیدعەچیش چونکە ئەمانە هەرگیز شایەنی وەسفی بە گەورەندانان وسەید نین، وئەم نەهی کردنە بۆ هاوەڵان وبۆ ئەوانەی پاش ئەوانیشە، ومونافیقەکان لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابەش دەبن بە سەر دوو کۆمەڵدا، یەکەمیان: ئەو مونافیقانەی کە تەنها ئاشکرا بوون لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەو هاوەڵەی نهێنیەکانی لابوو (حوزیفە) -ڕەزای خوای لێبێت-، دووەم: ئەو مونافیقانەی کە هاوەڵان نیفاق ودووڕویی ئەوانیان دەزانی وەکو عبداللەی کوڕی ئەبی سەلول، وئەمیش ئەم فەرموودەیەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8962

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee